www.kurdistannet.org
14-7-2006 13:42 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لە (قەبرش) دا دراوسێی خراپم نەبێت.. !! .. گەلاوێژ بابان



بە درێژایی ژیانم.. لە سەرەتای تێگەیشتنم لە مانای خۆشی و ناخۆشی. زوڵم و ستەم. ئازار و ئەشکەنجە. گرتن وکوشتن. ئاوارەیی و دەربەدەری و هتد.. نەبووە وەک گەلی کورد. هەموو ئەم بێ ڕەواییانەی دەرهەق کرابێ.

ڕۆژگارە تاڵ و سەختە پڕ ئەشکەنجەکان هەرگیز لە بیر ناچنەوە. لە سایەی سەرووەری و گیانی خۆبەخشی ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی کورد و کوردستان. ئەمڕۆ ئاڵای ڕەنگینمان بەرز و شەکاوەیە.

ئازادی ئەمڕۆی کوردستان. بەرهەمی هەموو ناخۆشی و ڕۆژە سەختەکانی ڕۆڵەی کوردی دڵسۆزن.

سەرددەمە پڕ لە ئازارەکانی گەلی کورد. چاوی دوژمنانی تێر نەکردووە! ئێستاش بە ئازادی و ڕزگاری کوردستان. چاویان هەڵ نایێت. بۆیە هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە و بە بەردەوامی. دوژمنانی کورد لەهەوڵی لەباربردنی ئەم دەسکەوتە مەزنەدان. هەوڵەکانیان لە هەر ڕوویێکەوە بێت گرینگ نیە. مەرج ئەوەیە مۆرانەی خۆیان لە خاکی کوردستان لە جوڵەدا بێت!

لە ناو هەموو گەلێکدا. چینی خۆبەخت و خەمخۆر. چینی مشەخۆر و خۆفرۆش هەیە. گەلی کوردیش زۆر بەداخەوە بەدەر نیە لەوانە.

دوژمنانی کورد سودیان لەو دەروون نزمانە وەرگرتوە. ئەوانیش بەبێ بیرکردنەوە کەوتوونەتە داوی دوژمنان و بەرژەوەندیەکانی خۆیان زۆر لا پیرۆزترە لە دواڕۆژی گەلێکی چەوساوە!

جگە لە هەوڵە سیاسیە بۆگەنەکانیان کە هەمیشە بە سێ قۆڵی لە هەوڵی پیلان گێڕانن بۆ گیرکردنی دەستی نارەوایان لە بینی ئازادی کوردستان و خنکاندنی. لە ڕووی وێرانکردنی سیمای جوان و خراپکردنی ژێر خانی ئابوری و بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی تەسکی دواکەوت و فریودانی گەنجەکانمان بەردەوامن.

بۆ ناشرینکردن و تێکدانی سیمای شارە کانی کوردستان. کەوتنە پیلانی کڕینی ئاسن و فافۆن. بۆ مەرامی گلاویان سودیان لە تاکە نەفامە بێهۆشەکانی کورد وەرگرت وئەوانیش کەوتنە کۆکردنەوە و پەیدا کردنی بە هەر شێوازێک بێت. بۆیە ستونی کارەباکانیش ئاسەواریان لەسەر زەوی نەما و تەنانەت کەپری جوجەڵەیکیشیان بەدی بکردایە ئاودیویان دەکرد!!

ماوەیێکی تر لاستیک و شووشە شکاو بووە کاروانی مەرزەکان. بۆیە مناڵە چاوگەشەکانمان لە قوتابخانەکاندا لە سەرمای زستان هەڵ ئەلەرزین لەبەر دزین و ئاودیو کردنی شووشەی پەنجەرەکانیش!

خۆ باس لە ئۆتۆمبیل و شۆفەڵ و لۆری و... هتد. ناکرێ! هومووئەمانە تەنیا بۆ مەرامی تێکدان و کاولکردن وناشیرین کردنی کوردستان وتێکدانی ژێرخانی ئابوری بوو. ئەگینا وولاتێکی خاوەن نەوت و گەورەی چەندەها ساڵەی وەک وولاتی ئیسلامی ئێران. هیچ پێویستی بەم کالایانە نەبووە و نیە!

پیلانە دارێژراوەکان تەنانەت کارمەندانی نەخۆشخانە و دەرمانخانەکانشی گرتبووەوە! هەرچەندە چینی تێگەیشتوو بوون. ئامێرو دەرمانی کۆگاکانیشیان ڕاپێچ کرد!

بۆ شێواندنی مانای ئازادی و دیموکراتی لە کوردستاندا. پەیتا پەیتا مادە بێهۆشکەرەکان ئەخزێننە ناو شارەکانی کوردستانەوە. چونکە زۆر باش دەزانن. گەنج و لاو. تامەزرۆی هەموو شتێکن. بۆ فریودانی گەنجەکانمان و گەیاندنی زیانی مادی و دەروونی و کۆمەڵایەتی. لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ دواخستنی کاروانی خەباتی پێشکەوتنی کورد. بەکارهێنانی و فرۆشتنی تیلیاک و شێوەکانی. دەردێکی زۆر کوشندەیە لە ناو کۆمەڵدا. پێویستە هەوڵی بنبڕکردنی بدرێ و ڕۆڵەکانمانی لێ ئاگادار بکەینەوە.

کورد خاوەنی کولتورێکی جوانە ئەگەر نەیشێوێنن. ئێمەش وەک هەموو گەلانی جیهان خاوەن جل و بەرگی فۆلکلۆری خۆمانین و لە زۆربەی یاد و بۆنەو ئاهەنگەکاندا پۆشیومانە. هەروەها لە هەموو کات و شوێنێکدا ئاهەنگەکانمان بە ڕەشبەڵەک ڕازاندوەتەوە. شێوەێکی زۆر جوان و ڕازاوەی خەملاندوە.

لە لادێکانەوە هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک گوازرایەوە ناو شارەکان. ئێستاش ژیانی ڕۆژانەمان و سیمای هەموو ئاهەنگەکانی ڕازاندوەتەوە. دوژمنانی کورد. تەنانەت ئاڵو واڵای جلە کوردیەکانشمانیان لێ بووە بە تیرو چەقیوەتە دڵیان. ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان زۆر بەخشپایی. ژنان و ئافرەتان دوور بخەنەوە و تا فەرامۆش بکرێن و چیتر لە ئاهەنگ و گروپەکاندا ڕۆڵیان نەبێت و هێدی هێدی وا لە کۆمەڵگای کوردەواری بکەن ڕەشبەڵەکیان لە بیر بچێتەوە. ئەگەر بە ڕێکەوتیش ئافرەتیان بینی لە دەستی پیاودا هەڵدەپەڕێ. ببێتە عەیبەو جێگای تێڕامانی خەڵک!

ئەگینا لە وولاتی ئێرانی دراوسێماندا. هەر شتێک کە مایەی دڵخۆشی مرۆڤ بێت. قەدەغەیە! بەڵام کارێک کاردانەوەی خراپی هەبێ لەسەر گەلی کورد. ئەوان لایان پەسەندە و لێی بێدەنگ دەبن!

بۆیە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. چەندەها گروپی هەڵپەڕکێی جۆرا و جۆر پێکهاتوە. لە زۆربەی کەناڵە کوردیەکاندا پیشان دەدرێ و بەلای ڕاهێنەر و ئەندامانی گروپەکانەوە. کارێکی جوانیان ئەنجام داوە! ئەمەش پیلانێکی تری دوژمنی کوردە.

گروپەکان پێکهاتوە لە ڕیزێک پیاوی شان پان و شێوەی جوڵانەوە و پێ کوتانیان. گروپێکی کۆماندومان دێنێتە پێش چاو. دوور لە هەموو ڕەنگە ئاوریشمیەکان. سەیر کردنیان هیچ جوانییێک نابەخشێ. چونکە پیاو هەمیشە لە شانی ئافرەتەوە جوانە.

ئەم جۆرە گروپانە. ئەگەر بەردەوام بێت و بایەخی پێبدرێ. کاردانەوەی خراپی دەبێ لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا چ لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە چ لە ڕووی کولتوریەوە!

کوردستانێکی ڕەنگا و ڕە نگ و گەلێکی دڵخۆش. ناکەین بە وولاتێکی قەلەڕەش و تاریکستان!

لە ڕیزە دراوسێی گەڕەکێک. ئەشێ یەکێکیان خراپ بێت. بەڵام کوردستانی ڕەنگین. لە ڕیزێک دراوسێی ناشێ یەکێکیان باش بێت!! بۆیە ئەڵێم لە قەبرشدا دراوسێی خراپم نەبێ!

گەلاوێژ بابان / سوید
14-07-2006